# دەرمانی نوێ جەڵتەی دڵ و مێشك کەم دەکەنەوە

ڕۆژی 4 ی سەپتەمبەر لە کۆنگرەی (Ascot ,Anglo-Scandinavian Cardiac Outcomes Trial) لە مەڕ نەخۆشییەکانی دڵ کە لە شاری ستۆکهۆڵم ئەنجامدرا چەندین توێژینەوەی نوێ و بە سوود پێشکەش کرا . یەکێك لەو توێژینەوانە لە مەڕ چۆنیەتی بەکارهێنان و کاریگەری ئەو دەرمانانەوە بوو کە بەرزەپەستانی خوێن نزم دەکەنەوە و بەراوردکردنیان لە گەڵ دەرمانی دی وەك میزاوەرەکان(diuretic) و بێتاخەفەکەرەکان (Betablockerare) دا ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی جەڵتەی دڵ و مێشك .

توێژینەوەکە 19.257 نەخۆشی لە خۆگرتبوو ، هەموویان بەرزەپەستانی خوێنیان هەبووە و تەمەنیان لە نێوان 40–79 ساڵاندابووە . هەموو نەخۆشەکان 3 هۆکاری مەترسیداری مامناوەندی یان لە مەڕ نەخۆشییەکانی دڵ و بۆریەکانی خوێنەوە هەبووە .

گرووپی یەکەم دەرمانی ئەتێنۆلۆل (atenolol) یان پێدرابووە .

گرووپی دووەم دەرمانی ئەملۆدیپین (amlodipin) یان پێدرابووە .

هەرچەندە توێژینەوەکە مانگی دیسەمبەری ساڵی پار ڕاگیرا وەلێ ئەنجامی توێژینەوەکە بە تەواوی لە ماڵپەڕی لاسنێت دا بڵاوکراوەتەوە کە ڕێژەی تووشبون بە جەڵتەی دڵ و مردن لە ٪10 کەمتربووە لە چاو گرووپی یەکەمدا .

– ئەو نەخۆشانە لە ٪16 ڕووداوی دڵ و بۆریەکانیان و نەشتەرگەری بۆریەکانی خوێنیان کەمتربووە .

– ژمارەی تووشبوون بە جەڵتەی مێشك لە گەڵ مردن یان بێ مردن لە ٪23 کەمتر بووە .

– مەترسی مردن بە نەخۆشی دڵ و بۆریەکانی خوێن ٪24 کەمتربووە .

– ڕێژەی مردن لە ٪11 کەمتربووە .

سەرچاوە

1.www.dagensmedicin.se 050904 ©